د. زاهیر سوران
پسپۆری نەخۆشییە درمەکان ، پسپۆری پزیشکی گشتی و پزیشکی بەشی خۆپاراستن – ستۆکهۆڵم .

# ماسولکە گرێی منداڵدان

زاراوەیەکی گرێکیەکە ناسراوە بە mys-oma ، لە دووبەش پێك هاتووە و بە مانای ماسولکە شێرپەنجەی زاماڵ دێت ، لە هەندێ وڵاتدا زاراوەی ماسولکە گرێ Uterine Myoma ی بۆ بەکار دەهێنرێت .
بریتییە لە پێکهاتوویەکی شێوە شێرپەنجەیی لە سەر دیوارەکانی منداڵدان (زاماڵ، پزدان) دروست دەبێت . زانستییانە سەلمێنراوە کە شێوەی ماسولکە گرێکان جیاوازن ، نارێکوپێکە ، فاقدارە ، قەبارەشیان جیاوازە ، لەوانەیە یەك دانە بێت و لەوانەشە چەند دانەیەك بێت . منداڵدانی ژن شێوەی هەرمێی هەیە ، لە ماسولکەیەکی لاستیکی بەهێز دروست بووە لە کاتی ئاوسیدا توانای فراوان بوونی هەیە وپاش منداڵبوون رۆژانە نزیکەی 1 سم گچکە دەبێتەوە تا دەچێتەوە بارودۆخی پێشووی (پێش ئاوسی) .

**منداڵدان لەم بەشانە پێکهاتووە :**

گوڵینك ، ملی منداڵدان ، کەناڵی منداڵدان ، لەشی منداڵدان ، پاشکۆی منداڵدان و کەناڵی هێلکەدان .



(سەرچاوەی ژ 6)

ئەوەی راستی بێت ماسولکە گرێکان هەرچۆنێك بن شێرپەنجەی باشن ، گەر زۆر گەورە بن لەوانەیە پەستان بخەنە سەر ریخۆڵە ، میزەڵدان یان پەیدابوونی ئازار لە ماوەی خولی مانگانەدا ، کاریگەرییان بەندە لە سەر قەبارە و شوێنەکەیان .

**گەورەبوونی ماسولکە گرێکان دەبێتە هۆی :**

– خوێنبەربوونێکی زۆری مانگانەی ژن .
– کەمخوێنی .
– گیروگرفتی ئازارو کاریش دەکاتە سەر منداڵنەبوون .

**پەتازانی**

ئاساییترین شێوەی شێرپەنجەیە لە ئافرەتدا و رێژەی بڵاوی دەگاتە لە 50٪ . نەخۆشییەکە لە ژنانی ئەفریقایی دا زێدەترە وەك لە ئەوروپایەکاندا . (ئەو رێژەیە پاش نەشتەرگەری دیاری کراوە) .
زۆر بە دەگمەن پێش 20 ساڵان دەردەکەوێت ، وەلێ ئاسایی لە نێوان 35–45 ساڵاندا زێدەتر دەردەکەوێت ، گەر گرێکان بە نەشتەرگەری لانەبرێت ئەوا هەموو ژیان دەمێنێت .

پاش لێچوونەوە قەبارەی لووەکان بچوك دەبێتەوە ، هەرچەندە زیانیان کەمە یان هەر نییانە وەلیٚ بۆ ئافرەت قەبارە گەورەیی سك ناشیرین و ناخۆشە . هەندێك جار گچکەیە هەندێك جاری دی هێندەی سێوێکی گەورەیە یان زێدتر دەردەکەوێت . هەندێك جار کێشەکەی دەگاتە 800 گرام .

## نیشانەکان

– ئێش و ئازار .

– نارێکوپێکی خوێنی مانگانە (دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی رێژەی هیمۆگلۆبین و کەمخوێنی) .

– پەستان دەخاتە سەر ریخۆڵە یان میزەڵدان (ناڕەحەت میزکردن یان میزەڕۆسۆ) .

– منداڵنەبوون (لەوانەیە) .

ئەوەی راستی بێت گەر زۆر گەورە نەبێت ئەوا گیروگرفت نییە بۆ سەر ئاولەمە .

## دەستنیشانکردن

– نیشانەکانی سەرەوە .

– ئامێری سۆنۆگرافی .

## چارەسەرکردن

– دەرمان ، لە سەر تەمەنی ژنەکە بەندە .

– نەشتەرگەری (کاتێك ماسولکە گرێکە گەورە بێت یان مرۆ خۆی نەیەوێت) ، زۆرجاران پێویستە هەموو منداڵدان دەربهێنرێت .

## سەرچاوەکان


1. Marc Bygdeman, Knuter i livmodern. myom. Netdoctor.se 05.04.15.

2. Bo lindblom, Christer Bergqvist, endometrios och myom, två vanliga kvinnosjukdomar. orionpharma.Sverige.2000.

3. Claes Göttelieb, Bo von Schulltz. Öppenvårds gynekologi. Sverige. 1999.

4. Husläkare ABC. Den nya Hälsobiblioteket.grupp.5.nr.5. Sverige.

5.www.serono.se ©

6.www.anticancer.net ©